# پرۆژەی گەیاندنی ئاوی خواردنەوە

## سەرەتا:

پرۆژەی گەیاندنی ئاوی خواردنەوە بۆ گوندی پەڵکانە لە ناوچەی قەرەحەسەن کە دەکەوێتە باشوری رۆژهەڵاتی شاری کەرکوک، بە نزیکەی ٢٦ کم.



ئەم پرۆژەیە بریتیە لە گواستنەوەی ئاوی خواردنەوە لە سەرچاوەیکی ئاوەوە (کانی) کە ١٧٠٠م لە باکوری گوندەکەوەیە وئەم کانیە نزیکەی ( ٨ - ١٠ )م بەرزترە لە ئاستی گوندەکەوە ئەمەش وا دەکات کە بە هێزی پاڵە پەستویکی سروشتی ئاوەکە بگات بە گوندەکە. ئەم پرۆژەیە بریارە بە چوار هەنگاو ئەنجام بدرێت:

- هەنگاوی یەکەم کرینی ١٧٠٠م بوری
- هەنگاوی دووهەم ئامادەکردنی سەرچاوەی کانی وخستنە ژێرگڵەوە وگەیاندنی ئاو بە گوندەکە.
- هەنگاوی سێ هەم دروست کردنی تانکیك بۆ کۆکردنەوەی ئەو ئاوەی لە کانیەکەوە دێت.
- هەنگاوی چوارەم دابەش کردنی ئاو بە گوندەکەدا لە ریی بوریەوە بۆ هەر ماڵێك.

کۆمەڵەی کوردی بەویەری خۆشحاڵیەوە هەنگاوی یەکەمی ئەنجام داوە بەیارمەتی چەند نیشتمان پەروەریك.

## سیاسەتی جینوساید لە شاری کەرکوک ودەوروبەری:

سیاسەتی جینوسایدو وقرِە کردن وکاولکردنی شاری کەرکوك وناوچەکانی سەر بەو شارە لە لایەن رژیمی فاشی بەغداوە لە هەموو جیگەیکی لەم جیهانە ترسناکتر بوو وا لیرەدا چەندراستیەك دەربارەی کاولکردنی و ویران کردنی ناوچەکانی دەخەینە روو.

٧٨١ گوندی سوتیندراو وێران کران، ٦ ناحیە، سوتاندو ویران کرد لەوانە ( قادر کەرم، نەوجول، سەنگاو، رێدار، تیلەکۆ وئاغجەلەر)، ٣٩١٧٨ خانووبەر روخێندرا، ٣٨١ قوتابخانە و ٦٩ نەخۆشخانە ویران کراون، ٤٧٢٧٧٠ مەر وبزن تالاَن کراون، ١٥٠٠٠رەشە وولاَغ تالاَن کراون فەوتیندراون، ئەمە جگە لە دەغلٌ ودان سوتیندراو، باغ، رەز، کارێز، ئاش، ئەستیل، کانی ..هتد

- پاش تیپەربوونی ساڵیك بەسەر رزگارکردنی عیراق وکەرکوك ودەوروبەری، تائیستا شتیك بۆ شارەکەو دەوروبەری نەکراوە ، بۆیە ئەمرۆ شاری کەرکوك ودەوروبەری پێویستی بە یارمەتی هەموو لایەك هەیە.

## گوندی پەڵکانە:

گوندی پەڵکانە نزیکەی ٢٠ ماڵی لیبوو گوندەکەش وەك زۆربەی گوندەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٨ لە لایەن حکومەتی دکتاتۆری بەغداوە روخێندراو تەخت کرا لە ئۆپەراسیونەکانی ئەنفال.

دانشتوانی گوندەکە هەندێکیان لە ئوردوگای زۆرەملی شورش لە شاری چەمچەماڵ نیشتەجی کراون، هەندیکیان لە شاری کەرکوك خەریکی کریکاری بوون.

ئەم گوندە میژویکی درێژی هەیە لە خەباتی کوردایەتی وخاوەنی کومەڵی شەهیدو کومەڵی ئەنفال کراوە دەیان بیوەژن لە پاشیان بە جی ماوە ئەم گوندە وەك زۆربەی خەڵکی بەئەمەکی کورد جۆکی دانەداوە، لە گەڵ ئازاد کردنی ناوچەی قەرەحەسەن لە کەرکوك ودەرکرنی عەرەبەکان لەوناوچەیە دەستت وبرد چەند ماڵیك گەرانەوە بۆ گوندەکەو لە رشماڵی (خیوەتدا) دەژین ئەمرۆ خەریکی کشتوکاڵن.

بڕۆژەی ئاوی خۆاردنەوە:



گەیاندنی ئاوی خۆاردنەوە هیوایەك دەدات بە خەڵکی ئەو گوندەو خەڵکەکەی هەست بە پاڵپشتی وکۆمەك دەکەن وهیوایان بە ژیان گەورە دەبێت کورد دەڵی (ئاو وئاوەدانی) بۆیە کۆمەڵەی کوردی لە روسکیلدا هەولی داوە وهەولدەدات بۆ ئەنجامدانی ئەم پڕۆژە پیرۆزە. وە هەنگاوی یەکەمان ئەنجام داوە، ئەندامی دەستەی بەریوەبردنی کۆمەڵە لە شاری روسکیلدا، دانمارك سەردانی گوندەکەی کردووەو یەکەم وجبەی بوری بۆ دابین کردووە لە ئازاری ٢٠٠٤ ئەوجا بە هیوای کۆکردنەوەی یارمەتی زیاتر بۆ ئەنجامدانی قۆناغەکانی دی ئەو پڕۆژەیە.

هەموو کوردیك ومروڤ دۆستێك دەتوانی بەشداری ئەم کارە مرۆڤانەیە بکات بە وەی هەندێ یارمەتی بخاتە سەر ئەم ژمارەی بانکەی خوارەوە لەسەر جیرۆ یان لە کاتی پارە داندا بنووسن(Vand Projekt) واتا پڕۆژەی ئاو.

بۆ یارمەتی ئەم پڕۆژیە دەتوانی ئەم ژماریە بانکە بکاربهینن

**لە ناو وولاتی**

**ROSKILDE BANK**
**Reg nr. 6160     Kontor nr. 4338253**

**لە دەرەوەی ولاتی دانمارك**

**ROSKIILDE BANK**
**SWIFT ROBADK 22**
**DKGIR V/ ZANA ABDULKARIM**
**IBAN. DK 886160000 - 4338253**



کۆمەڵەی کوردی شاری روسکیلدا لە دانمارك بە هیوایە کە لە داهاتوودا پڕۆژەی خیرخۆازی دیکەش ئەنجام بدات.

کۆمەڵەی کوردی لە شاری

روسکیلدا ـ دانمارك

نیسانی ٢٠٠٤